# فاوڵ . . مەکتەبی جەنابی سەرۆک

**ئاسۆ جەلال**

**بە روونکردنەوەکەی مەکتەبی جەنابی سەرۆک کە باس لە رۆژنامەی (الحیاة)ی "ئازیز" و "درۆیەکی گەورەی" ئەندامێکی حزبی شیوعی کوردستان دەکات و, پەلەپەلییەکی زۆری پێوە دیارە . تەنزێکی مەلای مەشهورم بیرکەوتەوە.**
**دەگێڕنەوە کەیبانۆکەی مەلا شوربایەکی گەرم لێدەنێ و لەگەڵ مەلا دادەنیشن و کەیبانۆ فرێکی لێدەداو لەبەر گەرمی فرمێسك بە چاویدا دێتەخوارێ, مەلا لێی دەپرسێ بۆ چی دەگری؟ کەیبانۆ دەڵێ وەڵڵا باوکی مەرحومم بیرکەوتەوە زۆر حەزی لەم شۆربایە دەکرد , مەلا بێباکانە فرێکی چاك لە شورباکە دەداو ناو دەمی تا خوارەوە دەسوتێ و ئاو بە چاویدا دێتە خوارێ, کەیبانۆ دەپرسێ مەلا تۆ بۆ دەگری؟ مەلا دەڵێ وڵڵا باوکە گۆڕ بەگۆڕەکەی تۆم بیرکەوتەوە.**
**بیرکردنەوەو قۆڵبوونەوەو تێرامان لە هەر شتێك سیفەتی پیاوی دانایە, بە تایبەت سەرۆك و پادشاکان بێ هەڵسەنگاندن هیچ هەنگاوێك نانەن بۆیە دڵنیام مەکتەبی جەنابی سەرۆك کۆمار کاتێ ئەو وڵامەیان نووسیوە پرس و رای تەواویان لەگەڵ جەنابی سەرۆکدا نەکردووەو دووریش نییە لەو زۆری و بۆرییەدا کە دوای رووخانی رژێم بەفایلەوە لە ئارادایە، کینە لە دڵێکی دەروون پیس بۆ تێکدانی پەیوەندی برایانەی کوردان ئەو هەواڵە درۆزنەی هەڵبەستبێت و بە داخەوە بەو وڵامە ناشایستەیە جەنابی سەرۆکیشی تێوەگلاندبێت, چونکە جەنابی سەرۆك بە درێژایی ساڵانێکی دوورو درێژ بە وردی لە نزیکەوە ئاگاداری هەڵسوکەوت و زمانی قسەکردن و تەقدیری حزبی شیوعیە بۆ هەر دۆخێك کە لە کوردستان و تەنانەت لە عێراقیشدا هاتبێتە پێشەوە, دەزانێ حزبی شیوعی بەر لە گوتن وشە هەڵدەسەنگێنن و جوێن فرۆش نین و لە کاتی لێدواندا پەنا نابەنە بەر (زیادەڕۆیی و هەڵبەستن) وەك ئەوەی لە روونکردنەوە سەیرو سەمەرەکەی مەکتەبی جەنابی سەرۆکەوە دەرچووەو, هەمیشە رێز و حورمەتیان بۆ هەموو تێکۆشەرێکی راستەقینە نواندووە و, بێ لێکۆڵینەوە لە راستی و دروستی هەرگێز هەڵوێستیان وەرنەگرتووە, چونکە هەمیشە ئەو ئایەتەیان لەبەر چاو بووە کە دەڵێ** "واذا جاءكم فاسق بنبأٍ فتبينوا)
**بۆیە ئەو گوتویەتی روونکردنەوەکەی مەکتەبی جەنابی سەرۆك بەمەکتەبەی خۆی دەڵێینەوە کە فەرموویەتی** " رحم الله امرءاً عرف قدر نفسه و قدر غيره والسلام على من اتبع الحقيقة).